**Salahaddin University – Erbil**

# دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای چەمچەماڵ لەنێوان ساڵانی ( ٢٠١٠-٢٠٢٢ )

**توێژینەوەکە پێشکەش کراوە بە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان- زانکۆی صلاح الدین-کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی- وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس**

**ئامادەکراوە لەلایەن**

**ئیمان کاروان جمیل**


**ژیان عزیز محمود**

**بەسەرپەرشتی**

**م. هۆشمەند جوهر عباس**

**٢٠٢٣ز**

**ئایەتی قورئانی**


بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَيُّ ٱلْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ
لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ
إِلَّا بِإِذْنِهِۦ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ
بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضَ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَا وَهُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾

صدق الله العظيم

## ناوه رۆک


| لاپەره | بابەت |
|---|---|
| ٢ | ئايەتی قورئاني |
| ٣ | پيشكه شه |
| ٤ | سوپاس پێزانین |
| ٥ | ناوه رۆک |
| ٦ | پێشەکی |
| ١٣ | بەشی یەکەم/ گەشەی دانیشتوان |
| ١٤ | باسی یەکەمدا / باس لە گەشەی سروشتی دانیشتوان |
| ١٥ | یەکەم: لە دایکبوون |
| ١٩ | بەشی دووەم: دابەشبوونی دانیشتوان دابەشبوونی جوگرافی |
| ١٩ | باسی یەکەم :دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان |
| ٢٠ | یەکەم :دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزا |
| ٢١ | أ-دانیشتوانی شارنشین |
| ٢٢ | ب-دانیشتوانی گوندنشین |
| ٢٣ | دووەم :دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەکە کارگیریەکان |
| ٢٤ | أ-دانیشتوانی شارنشین |
| ٢٩ | بەشـــی سێیەم : ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان لەسەر دابەشبوونی دانشتوان هەیە |
| ٢٩ | باسی یەکەم : فاكته ره سروشتيه كان |
| ٣٠ | ١-بەرزی و نزمی( توبوگرافیا) |
| ٣١ | ٢-ئاووهەوا |
| ٣٣ | ٣-دەرامەتی ئاوی |
| ٣٦ | باسی دووەم : فاکتەره مرۆییەکان |
| ٣٧ | ١- فاكته ری میژووی |

| | |
|---|---|
| ٢-فاکتەری کۆمەڵایەتی | ٣٨ |
| دەرەنجام | ٤٠ |
| ڕاسپاردە | ٤٣ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٤٥ |

## پێشەکی

لە سەردەمی هەمبۆڵت و بگرە پێش ئەویش جوگرافیا ناسەکان پێ داگرییان لە سەر ئەوە دەکرد کەوا جوگرافیا زانستی دابەشبوونە و لێکوڵینەوە لە سەر شوێن دەکات . واتە بە جۆرێک لە جوگرافیا دەڕوانرا کەوا گرنگی بە دابەشبوون دەدات .
لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا گرنگی دان بە بابەتی دانیشتوان بە گشتی و دابەشبوونی دانیشتوان بە تایبەتی زیادی کردووە , چونکە زۆر لەو گرفت و کێشانەی کە ڕووبەڕووی دانیشتوان دەبێتەوە لە ئێستا و داهاتووشدا پەیوەندی بەجیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان و ڕادەی چڕییان و شێوازی دابەشبوونیانەوە هەیە . هەروەک دەرکەوتنی برسێتی و ڕوودانی جەنگ لە هەندێ لە ناوچەکانی جیهاندا . هەربۆیە لێکۆڵینەوەکانی دابەشبوونی دانیشتوان , گرنگییەکی زۆر دەدەن بە قەبارەی دانیشتوان و چڕییان و دابەشبوونیان لە نێوان (شار و گوند) و هەروەها شێوازەکانی دابەشبوونیشیان , چونکە ڕەنگدانەوەیان هەیە لە سەر لایەنی (ئابوری و کۆمەلآیەتی و دیمۆگرافی ) دانیشتوان .
قەزای چەمچەماڵ بە هوێ نائارامی بارودۆخی ڕامیاری وهەڵوێستی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و هێرشە سەربازییە بەردەوامەکانیان بۆ سەر بەشە جیاجیاکانی زۆربەی گوندەکانی ڕاگوێزراون و دانیشتوانەکەشیان یان لە کۆمەڵگە زۆرەملێ کاندا نیشتەجێکراون یان ڕوویان لە سەنتەری شارەکان کردووە کە ئەمەش کاریگەری خراپی کردووەتە سەر جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان و چڕییان.

گرنگی لێکۆڵینەوەکە :
ناوچەی لێکۆڵینەوە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەخۆوە دیوە لە ڕووی شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان و چڕییان کە ئەمەش لەو سیاسەتە تایبەتەوە هاتووە کە لە ناوچەکە دا پیادە کراوە بە تایبەتی لە ماوەی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی بیستەم دا کە بووەتە هۆی ئەوەی ناهاوسەنگیەکی زۆر لە دابەشبوونی دانیشتوانی دا دروست بێت . ئەمیش لەبەر نەتوانینی ئاوەدانکردنەوەی زۆربەی گوندەکان و دابینکردنی پێداویستییە بنچینەییەکانیان هاتۆتە ئاراوە,
گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان و ڕادەی چڕییان لە نێو ناحیەکانی و بەشە جیاجیاکانی شی دەکاتەوە لە گەڵ دەرخستنی ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان نشینگە شارستانی و گوندییەکاندا هەیە لە ڕووی قەبارەیان و دەستنیشانکردنی شێوازی دابەشبوونیان و شیکردنەوەی کاریگەری فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکان بەسەریانەوە .

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە :

ئامانجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرخستنی کاریگەری فاکتەرە جوگرافییەکانە لە سەر جیاوازی دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان لە قەزاکە دا بە مەبەستی دانانی پلانێکی زانستی لە لایەن پلاندانەرانەوە بۆ ئەوەی دووبارە چاو بخشێننەوە بە سیاسەتی دابەشبوونی دانیشتوان و چارەسەر کردنی ئەو نایەکسانییەی کە لە دابەشبوون و چڕییاندا هەیە , بە جۆرێک سەرئەنجام بوژانەوە و پێشخستنی ناوچەکەی لێ بکەوێتەوە .

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە :

هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی پێوستی بەوە هەیە کەوا میتۆدێک بە کاربهێنێت بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی (شیکردنەوەی بەراوردکاری ) بەستووە و ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢٢) مان داناوە وەک چوارچێوەیەکی زەمەنی بۆ لێکۆڵینەوەکە . ئەویش لە سەر ئەو بنەمایەی کە سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) بە دروسترین سەرژمێری دادەنرێت کە لە عێراق دا ئەنجامدراوە سەبارەت بە ساڵی (٢٠٢٢)یش پشتمان بەو داتایانە بەستووە کەوا لە لایەن بەرێوەبەرایەتی دەستەی ئامار هەیە . ئەمەو پیشاندانی ئەم داتایانە لە سەر کۆمەڵە نەخشە و شێوەیەک و لە گەڵ بەکارهێنانی چەندین پێوەر و رێگای ئاماری بە مەبەستی دەرخستنی شێوازی دابەشبوونی دانیشتوانەکەی , سەرەڕای ئەوەش لە بەر نەبوونی سەرژمێرییەکی گشتی دانیشتوان لە دوای ساڵی (١٩٨٧) و هەروەها نەبوونی زانیاری و داتای پێویست لە سەر هەندێ بابەتی لێکۆڵینەوەکە لە ساڵی (٢٠٢٢) دا بۆیە بە ناچاری پەنامان بۆ ساڵانی دیکە بردووە

پلانی لێکۆڵینەوەکە :

بۆ گەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە پوختەی پلانەکە دابەشکراوە بۆ پێشەکییەک و سێ بەش و ئەنجام و ڕاسپاردەکان و لیستی سەرچاوەکان

بەشی یەکەم : ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دابەشکراوە بۆ سێ باسی سەرەکی کە باسی یەکەم بریتی یە لە ڕەهەندی جوگرافی ناوچەکە و لە دووەمیشدا باسی تایبەتە بە ڕەهەندی دیموگرافییەکەی .

بەشی دووەم : ئەم بەشە تایبەتە بە دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان کە دوو باسی لە خۆگرتووە کە لە باسی یەکەمدا لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان کراوە لە باسی دووەمیشی لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی قەبارەی دانیشتوان لە پارێزگاکە دا کراوە .

بەشی سێیەم : ئەم بەشەش بریتی یە لە دەرخستنی ڕۆڵی ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان هەیە لە سەر دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە , ئەویش دابەش کراوە بۆ سەر دووباس , لە یەکەمیاندا باس لە ڕۆڵی فاکتەرە سروشتییەکان و لە باسی دووەمیش باس لە ڕۆڵی فاکتەرە مرۆییەکان کراوە .

له بەر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەشدا لێکۆڵینەوەکە بە چەند ئەنجام گەیشتووە و ڕاسپاردەی گونجاویشی دیاریکردووە بە مەبەستی دووبارە دابەش کردنەوەی دانیشتوانی قەزاکە لە سەر بنەمایەکی زانستی ڕێک و پێک .

ئاستەنگەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە : لە ماوەی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە دا توێژەر چەندین گرفت و ئاستەنگی هاتۆتە پێش لە وانە :

١- کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی گرفتێکی زۆری بۆمان دروست کردووە , بۆیە بۆ وەرگرتنی زانیاری پەنامان بۆ ئەو سەرچاوانە بردووە کە بە زمانەکانی (عەرەبی و هەن و لەم ڕووەوە لە وەرگێڕانی زاراوەکانیشدا بۆ سەر زمانی کوردی گرفتی زۆرمان هاتووەتە پێش .
٢- هاوکاری نەکردنی هەندێ لە فەرمانگەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ پێدانی زانیاری و داتای پێویست لە سەر هەندێ بابەتی لێکۆڵینەوەکە .